# سەرکەوت رەسوڵ:

## هەر کردارێکی سێکسی کە لە ئەورووپا دەکرێتن، ناکا ماچێکی بەدزی ئێرە .

بەشی یەکەم



**سەعات نۆی سەرلەبەیانی رۆژی ٥/٦/٢٠٠٧ لە هەولێردا پەیوەندیم بەسەرکەوت رەسوڵ شاعیری لیرکی کوردیەوە کرد، لەوەلامی پەیوەندیەکەمدا ووتی:" من هونەرمەندی گۆرانیبێژ (تیریژ)م، لەگەڵدایەو دەتوانی بێیتە هۆتێلی چوارچراو چاوەڕوانی تۆم." هەر بە پەلە پەل لەسەر ڕێگای شۆرش_ شەقلاوە بە تەکسیەك گەیشتمە هۆتیلکەو لەوێدا بێجگە لە هونەرمەند تیریژ، رێین جەمالی عازف کلارنێت ئامادەبوو، دوای دانیشتنێکی زۆر لە گفتۆگۆی هەرچوارمان، بەتایبەتی رەخنەکانی سەرکەوت رەسوڵ لەسەر هونەرمەندان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە پاشاندا روخسەتی لە هاورێیانی وەرگرت و لەلایەکی هۆتێلەکە دەستمان بە گفتوگۆیەکی دوورو درێژکردو ئەم دیمانیەی لێکەوتەوە.**

**دیمانە : محەمەد گەلاڵەیی**

**چۆن سەربردەی منداڵیمان بۆ دەگێڕیەوە؟**

**سەرکەوت رەسوڵ:** وەك هەر منداڵێکی کورد زادەی گەڕەکە چەوساوەکانە، بنەماڵەیەکی جار جار هەژارو مامناوەندی لە ڕووی هەبوونی ئابووریەوە مامناوەندی تا ئێستاش، هەڵقوولاوی کۆمەڵێك کردارو بەسەرهاتو ئەو ڕووداوانەی هیچ خۆم بە دابڕو جیاواز نازانم لەو کۆمەڵگایەدا، منداڵێکی سەرکێش، هەر لەشەڕە گەڕەك، شەڕی کۆڵانان، دامەزراندنی تیپی پڕتەقاڵ لێکردنەوەو تۆپ تۆپێن، لەوانەوە بەڕاستی من هەڵقولاوم، ئێستای خۆمی تێدا دەبینمەوە، بەلام منداڵیم بەهەموو مانای وشە بەشێکی زۆری لە نامەحرومی بوو، لە زۆر شت کە دەوروبەری منو منداڵەکانی گەڕەك تێدا دەدیت، کە هەندێکیان کۆمەڵێك شتیان بۆ ڕەخسا بوو، بۆ من نەڕەخسا بوو، ئەو هەست بەکەمکردنەی من وای لە من کرد زووتر بیربکەمەوە لەهەندێ شت، ئەو جیاوازیە چینایەتیەی لە نێوان ئێمەو ئەوان هەیە، بەمانای ئەوەی ئێمەی بنەوەو ئەوانی سەرەوە، ئەوانە وایان لە منکرد زیاتر بەدوای مانایەك بگەڕێم بۆ رەش‌و سپی، هەبوون‌و نەبوون، بەهێزی‌و بێ هێزی، دەسەلات‌و بێ دەسەلات، من ئێستاش وێڵم بەدوای کۆمەڵێك پرسیار، ئیدی بە کورتی کە باسی منداڵی خۆم بکەم، منداڵی دووەمی دیاك‌و باوکمم، لەناو هەشت منداڵ، یەك برا گەورەم هەیە، بەڕاستی وەکو ڕێبەرێك بۆ من وابوو، زۆر ڕێنمایی منی دەکرد لەسەرەتای دروستبوونی بەهرەی شیعریم. جێ پەنجەی دیارە لەسەر من.

**لە تەمەنی منداڵیەوە تا هەرزەکاری، سەروسەودای خوێندنەوەت چۆن بوو لەگەڵ شیعردا، یاخود ئەو شیعرانەی مامۆستا لە قوتابخانە دیاریدەکرد بۆ لەبەرکردن، ئەزبەرتدەکردن؟**

**سەرکەوت رەسوڵ:** من لە دونیا رقم لە لەبەرکردن‌و ئەزبەرکردنی شیعرە، تا ئێستا یەك دوو دێری شیعری خۆم نەبێت، شیعری ترم لەبەر نییە، لە قوتابخانەی سەرەتایی نەشونماکردنی شیعر لەلای من بە گۆرانی گوتن دەستی پێ کرد، بە حوکمی ئەوەی لە پۆلی یەك تا پێنجی سەرەتایی لەگەڵ کچان تێکەڵ بووم لە قوتابخانەی دیجلە، ئەو بەهرەیەی کە خۆشبەخت بووم لێی لەم ڕووەو من کچم لە پێش چاوم ئەو گیانەوەرە(دەعبا) گەورەیە نەبوو، کە گەنجی ئێستا بەدەعبای تێدەگەن یان بەشتێکی زۆر سەیری تێدەگەن، وادەزانن لە کەوکەبێکیتر هاتووە، هەر زوو لەگەڵ دونیای مێ تانوپۆو تێکەڵبوونم هەبووە، بە بیرم دێت لە کۆبوونەوەی پێنجشممان لە قوتابخانە زۆر بەووردی ئەو گۆرانیانەم دەستنیشان دەکرد، کە دەمووتنەوەو نەتەوەیی بوون، بەتایبەتی سروودی (ئەی ڕەقیب) کە یاساغ بوو، چەندان جار لەسەری زللەو دارم لێدراوە، یەکەم گۆرانیم کە وتم "کەژاڵ هەی کەژاڵێ"بوو، هی حەمە جەزا، مامۆستایەکی ژنیشمان هەبوو زۆر پێم سەرسامبوو هەموو جارێ دەهات دوو ماچیشی لێدەکردم (بە پێکەنینەوە)، سەرەتای نەشونماکردنی بەهرەی شیعریم نووسینی ناوی شاعیران‌و خوێندنەوەی شیعر بوو. بەتایبەتی کتێبێك هەبوو بەناوی (جگەر گۆشەکان)ی کاکەی فەلاح، بەڕاستی ئەو کتێبە لەلای من گرنگ بوو، لە ساڵی ١٩٧٧ _١٩٧٨ دەمخوێندەوە، خوێندنەوەی سەرەتایی منو پڕژانە سەر کتێب دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ پێشوتر وتم: کۆمەڵێك مامۆستامان هەبوو، هانیان دەدام بخوێنمەوە، لەوانە (ڕۆستەم

باجەلان)، کە لە ساڵی ١٩٧٧ دەرسی پێدەوتین، دەتوانم بڵێم نەشونماکردنی ئەو بەهرەیە لەو سەرچاوەیە هەڵقوڵاوە، دەنگی خۆش و گوێگرتن لە دەنگی شاعیران، خوێندنەوەی کتێب پاشان ڕەنگدانەوەی ئەو بەهرانەی بەسەر مندا، لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەری مندا ڕوویداوە لەوانە: باوکم بە سێ قۆناغی جیاواز گیراوە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە هەیئەی ئەمنی کەرکوك لەسەر مەسەلەی سیاسیەت، دواتر ئازاد کرا، لە ساڵی ١٩٨٣ـ١٩٨٤ بۆ ماوەی هەشت نۆ مانگ دەربەدەر بوو، ڕژێمی بەعس نەیتوانی دەستگیری بکات، لە ساڵی ١٩٨٦ خاڵی وەرچەرخانی کەسێتی منە، باوکم لە بەندیخانەی (ئەبوغرێب) بەندکرا لە ساڵی ١٩٨٩ لە ژێر کاریگەری لێدان و دەرزی لێدان سەری نایەوە، ئەو کۆمەڵە گۆڕانکاریانە لە ژیانی مندا، بووە مایەی ئەوەی ڕوو لە شتێك بکەم گوزارشتی خۆمی پێ بکەم، تەعبیر لەخۆم و لە ناڕازی بوونی خۆم بکەم، هەستکردن بەو جیاوازیە چینایەتیە لای من پەیدابوو، لە ساڵانی هەشتا، ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیام کۆمەڵێك کادیرو خەڵکی سیاسی هاتووچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد، ئەوانە هەمووی بوونە زادەی ئەوەی خۆم لەناو کەش و هەوایەك ببینمەوە، تێیدا بتوانم گوزارشت لەخۆم ئەو واقیعەی ماڵەوە بکەم، گوزارشت لەو جیاوازیە نەتەوایەتیە بکەم کە لە نێوان کوردو عەرەب هەبوو.

**لە ناو ئەو واقیعەی کە پڕ بوو لە تراژیدیا، یەکەمین شیعرت کە لەسەر ئەو واقیعە بوو یاخود لەبۆ خۆشەویستی؟**

**سەرکەوت ڕەسوڵ**: باش بەبیرم نایێ، بەڵام شیعرێك لەو شیعرانە ناوەڕۆکەکەی دڵداری بوو..تێکەڵکێشی باروودۆخی سیاسی بوو، باسی لەو گۆڕانکاریانە دەکرد، داوا لە دڵدارەکەت بکەی چێژ داوای خۆشەویستیم لێ مەکە، چونکە لە خۆشەویستی گەورەتر هەیە هەوڵی بۆ بدات ئەویش ئازادیە، ئەو کاتەی ئازادیم بەدەست هێنا، دەتوانم بە ئازادی بژیم و بەئازادی خۆشم بوێی.. شیعرەکە زۆر ساکار بوو لە ڕووی داڕشتنەوە، بەڵام خۆشەویستە لەلام، چونکە سەرەتاکانی من بوو لە شیعر نوسیندا.

**بۆچی تۆ وەك شاعیرێك ڕقت لە ئەزبەرکردنی شیعرە؟**

**سەرکەوت ڕەسوڵ**: قەت باوەڕم بە بەئەزبەرکردن نەبووە، زانیاری لە ناو مێشکی خۆم گڵ دەمەوەوە بە زانیاری بژیم... بۆ نمونە ئێستا لە زانکۆ کێشەم لە گەڵ مامۆستایان و قوتابیان هەیە سەبارەت بە ئەزبەرکردن.. من بەتەعبیری خۆم دەنووسم، ئەوان دەیانەوێت مەلزەمەکانی مامۆستا ئەزبەر بکەی بەبێ تێگەیشتن دەقاودەق وەکو خۆی بینووسیەوە. ئەوە فاکتەرێکە لەوانەی پەروەردەو فێرکردنی ئێمەی سەقەت کردووە، مامۆستا دەیەوێ وەکو بەبەغایەك لە پێشی ڕابوەستیو زانیاریەکانی بۆ بڵێیتەوە.. منیش دەمەوێ بە تەعبیری خۆم بنووسم .. واتە داهێنانێکم کردووە بە شێوازی خۆم و شتێکی نوێ فێربوومە.. ئەو ئەزبەرکردنەی شیعر لەبەرئەوەیە زۆر ڕقم لێ دەبێتەوە .. زۆر ڕقم لەو مامۆستایانەی زمانی کوردیو عەرەبی بوو



کە بە زۆری شیعریان پێ لەبەر دەکردین.. تووشی دژایەتیەك ببووم.. من ناتوانم شیعری خۆم لەبەر بکەم چۆن دەتوانم شیعری شاعیرانی تر وەکو بەبەغا بڵێمەوە.

**باسی ئەو هارو هاجیەی سەردەمی منداڵی خۆتت بۆ کردم، لە قوتابخانەش لەگەڵ ڕەگەزی مێ بەوشێوەیە بوو چۆن هەڵسوکەوتت دەکرد؟**

**سەرکەوت ڕەسوڵ**: بۆ یەکەمجارە باس لەوە دەکەم، خۆشەویستی نا، بەڵام ئولفەتم بە کچێك گرتبوو، لە سێی سەرەتایی لە بیرمەو ئێستاش بەدوای سۆراخی ئەو کچە بەریئەدا دەگەڕێم، توندوتیژ بووم لەگەڵی، خۆشەویستیەك بە توندی بۆم دەردەبڕی، بەڕاستی ناڵێم خۆشەویستی بەو مانایەی بەدەرککردن و هەست پێکردنەوە بچینە ناو دونیای خۆشەویستی، بەڵام ئولفەتم پێوەگرتبوو، کە هەموو ڕۆژێ ببینم و دەبا شەرێکی پێ بفرۆشم، دەبوایە قسەیەکی لەگەڵ بکەم، دەبا هەر نەبا قسەیەکمان بەیەکتری دەووت لەلای ئەویش هەروا بوو، ئەمە بەردەوامبوو، تا ئەو ساڵەی لەناو کچان ڕۆیشتم بۆ ناو کوڕان، ئیدی ئەو کچەم نەدیتەوە.

**ئەو هارو هاجیەی سەردەمی منداڵیت بەسەر نووسین و شیعرەکانتەوە ڕەنگی داوەتەوە؟**

**سەرکەوت ڕەسوڵ**: جار جار لە تەوری کەسێتی خۆم دەردەچم، وەکو شێرزاد حەسەن دەڵێت:"ئەو منداڵەی ناوم هێشتا گەورە نەبووە" جار جار ئیشی خۆم پێدەکات، زۆر جار سەر کێشی و منداڵی ئەوسام لەناوەوەی خۆم هەست پێدەکەم، هەندێ هەڵسوکەوت و جوڵانەوە

**باشترین کاتب عەریزەو نامەنووسی برادەرەکانم بووم، کە ئێستا لەکوێ ئەو نامانەی بۆ برادەرەکانم نووسیوە، دووهەزار نامەم بۆ ئەو گەنجانەی دەوروبەرم نووسیوە، بۆ کچانیان دەنارد**

هەیە، لە هەندێ جێگای دیاریکراودا دەری دەبڕم، جاری واهەیە لەو گۆڕە گۆرانی دەڵێم، فیتە فیت لێدەدەم بەڕێوە، هەستدەکەم شایی بکەم، لەو گۆڕە هەڵپەڕم، حاڵەتێکی زۆربابیانە تووشم دەبێ، بەڵام هیچی ناکاتە ئەوەی جار بە جار دەغ دەغەیەک هەیە، گفتوگۆیەک هەیە لەگەڵ ئەو منداڵەی ناو هەناوی خۆم ئەکەم، بیر هێنانەوەی هەموو ئەو شتانەی پێشووم، بەهەموو ئەو شتانەی بەدەستم هێناوە، زەرەرو قازانجم لێکردووە، لە کۆتاییدا خۆم لە هاوکێشەیەک دەبینمەوە من یەکسانم بە کۆمەڵێک شتی ئەو هارو هاجیەی منداڵیەوە کە بەدەستم هێناوە.

**لەو رۆژانەی کە تەمەنت پڕبوو لەتراژیدیاو کارکردن لەناو ڕێکخستنە نهێنیەکانی شار لە هەشتاکاندا، وەك گەنجێك چەند بۆت ڕەخسابوو خۆشەویستی بکەی؟**

**سەرکەوت رەسوڵ**: ئەگەر بێم وەك وێنەگرێك فلاش باکێك بۆ ناو ئەو یادەوەریانەی خۆم بکەم، نەشونماکردنی هیچ هەستێکی من سروشتی نەبووە، من لە ژێر بارێکی جیادا ژیاوم، لە سەرەتای منداڵیمەوە هەتاوەکو ئێستاش ئەگەر باس لەو حاڵەتە بکەم، کە سێ سەرەتایی بووم، بەسەرم هاتووە، دەتوانم بڵێم ئەوە سەرەتای هەستکردنی من بووە بۆ هەست گواستنەوە بەرامبەر بە مێ، ئەو مەخلوقەی پێی دەوترێت ئافرەت، سەرەتا ئەو هەستە دروست دەبێتو بەدەست خۆت نییە، بەڵام پاشان ڕەنگدەداتەوە لە خۆشەویستیەك، بە دواداچوونی کچانو نامەنووسین، لە بۆ زانیاریت حەزدەکەم بزانیت ئەوەش بۆ یەکەمجارە دەیڵێم: باشترین کاتب عەریزەو نامەنووسی برادەرەکانم بووم، کە ئێستا لەکوێ ئەو نامانەی بۆ برادەرەکانم نووسیوە، دووهەزار نامەم بۆ ئەو گەنجانەی دەوروبەرم نووسیوە بۆ کچەکانیان دەنارد، یەك لەو شتە شازانەی کە بۆت باس دەکەم رۆژێك نامەیەکم بۆ برادەرێك نووسی برادەرکە کچەکەی پێ ڕازیکرد، جا دەهاتن دەیانووت: **"نامەیەکمان بۆ بنووسە بیتاوێنێتەوە"**، هەروەکو چۆن هەندێك گۆرانبێژ دێن داوا دەکەن، دەڵێن:**"شیعرێکمان بدێ بمان تەقێنێتەوە"**، منیش دەڵێم:**" خۆ کاکە تێ ئێن تێ نییە ئەوە زاراوەیەکی زۆر بازاڕیە"**، جا ئەو نامەیەی بۆ برادەرەکەم نووسی بوو، چوو بوو دابوویە کچەکە، پاش ماوەیەك پەیوەندیان بڕاندبۆوە، کچەکە لە بۆی بەدەرکەوتبوو، ئەو نامەیە کوڕەکە نەینووسیوەو ئەو ئاستە مەعریفیەی نییە، داوای لێکردبوو کە ئەو نامەیە کێ بۆی نووسیوە، کچەکە پێ گوتبوو حەزدەکەم باسی بکەی لەبەرئەوەی من ئەو کوڕەی ناو نامەکەم خۆشویستووە تۆم خۆش نەویستووە، حەزدەکەم بیبینمو لە دواییدا خۆی گەیاندە من ، کار لەکار ترازا بوو، من بە کچێکی تر سەرقاڵ بووم، ئەوە یەك لە یادگاریە خۆشەکانمە، بەڕاستی تا ساڵانی هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو قۆناغێکی ناسەقامگیری سیاسی بوو، پێم خیانەتێکی گەورە بوو، خۆشەویستی بکەم، هەر زوو پێم حاڵەتێکی نەشاز بوو، من کۆیلەی دەستورو عورفی کۆمەڵێك دەست بەو عورفی بەسەردا سەپێنراو لەلایەن نەتەوەیەکی وەك عەرەب لە عێراق ئێمەیان دەهاژوشت، ڕووداوەکانی ئەنفال، کیمیابارانو هەڵەبجە، بە حوکمی ئەوەی هاتووچۆی ئەبوغرێبم دەکرد، ئەو کۆمەڵە خەڵکەمان دەدیت کە شۆڕشگێڕ بوون، هەستت دەکرد لەوێ خۆشەویستی دادی ئێمە نادات، خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێك بکەم کە کۆیلەیە لەگەڵ منیش هەر کۆیلە چ خۆشەویستیەك بە دەست دێنیت، خۆشەویستی خۆی مەفهومێکی ئازادیە، هەستم دەکرد ئەو خۆشەویستیە هیچ بەروبومێکی نابێت، کە لە ژێر سایەی ئازادیدا نەبێت.

**لە ئەبوغرێب، منداڵ، ژن، پیاو، کەسی شۆڕشگێڕو ئازات دەبینی، چ ڕەمزێکیان لە شیعرەکانی تۆ وەرگرتووە ئەم دیمەنانەی ئەوێ؟**

**سەرکەوت رەسوڵ**: هەندێ شت هەیە پێیان دەوترێت سەفەری عەینی(چاوی)ئەو سەفەرانە بەچاو (روئیا) ناکرێن، تەرجەمە ناکرێ بۆ سەر بەرگی حەرف(پیت) ناتوانی هەقی خۆی پێبدەی، یەك لەو شتانەی باسی لێدەکەم تا ئێستا شیعرێکم بۆ باوکم نەنووسیوەو نەمتوانیووە لە ئاست گەورەییو نازداری ئەو پیاوە نووسین بخەمەگەڕ، بۆ هەڵەبجەو ئەنفالو ئەبوغرێب ڕووداوی گەورەنە، بە ڕاستی قەت مومکین نییە بەو زمانە کرچووکاڵەی خۆم، باس لە کێشەیەکی گەورەبکەم، ئەگەر بەجوانی مافی پێ نەدەم، تەنیا لە شیعری ساڵح موتڵەگ نەبێت، کە لەو ماوەیەدا نووسیبووم، کە باسی ئەبوغرێبم کردووە:**" ئەبوغرێب لە نێوچاوانی ئەو کابرایە دەبینم، هۆڕی ووشك و هەڵەبجە لە بن هەر کەڵە موویەکی سمێڵی دەبینم"** ئەو لێکچوونەم کردووە، بەڵام زاتم نەکردووە، تا ئێستا باسی قوڕسایی ئەبوغرێبو ئەو قەسابخانەی لە بۆ گەنجی کورد دامەزرابوو بکەم، چونکە گەورەیەو زۆر لە کێشەی من گەورەترە کە بەشیعر باسی بکەم ، زۆرجار وای لێدێتن شیعر بە هەمووشتەکان ناوێرێت، فریای هەموو شتەکان ناکەوێت.

**ئەوکاتانەی خۆشەویستیت بە خیانەت دەزانی، سەر بەچ پارتێکی سیاسی بووی؟**

**سەرکەوت رەسوڵ**: ئەوە بۆ یەکەمجارە بە جەنابت ڕادەگەیەنم و هەروەها بۆ گۆڤارەکەشتان، من پەیوەندی سیاسیم لەگەڵ کادیرێکی لێهاتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەران هەبوو، کەناوی (شەمسەددین) بوو، تەڵەبە بووین لە ئامادەیی پشەسازی هەولێر، کە بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٨ سەیارە لێیداو مرد، یەك لە شتە خۆشەکانی ئەوە بوو، کە ڕێنمایی دەکردین، ئەورۆ فلانە شت بوروژێنن، بە بیرم دێت لە کاتی ئامادەیی پشەسازی برادەران هەمووشتیان بەبیرە، پێنج شەممان کۆبوونەوەیان پێدەکردین لەلایەن بەرپرسانی ئەمن و حزبی بەعس، قوتابخانەکەمان کەوتبووە نزیك بارەگای ئەمن و عەسکەرو پۆلیس، مەسئولێکی ئەمنی گەورە دەهات یان مەسئول شوعبەی بەعس، ئەو ڕۆژە چوومە ژووری یەکێتی قوتابیانی حزبی بەعس، ئاڵاکەم دەرهێناو باشبوو کەسی لێنەبوو کە نەشیاندەزانی منم، ڕاست خستمە ناو (ئاودەستی) قوتابخانەکە ئاڵاکەم لە پیسایی دا وەردا، ئەو ڕۆژە بووە هەرایەکی گەورە، بووە فەرتەنەیەکی گەورە، ئەوە یەك لەکارە گرنگەکانی من بوو، کە ئیشم ئاژاوەگێڕی و بەربەست دروستکردن لە پێناو سەرنەگرتنی ئەو ئیشە حزبیانەی ئەوان دەیانویست مێشکی گەنجی ئێمەی پێ ئاودەن، یاخود لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکان، من بە ئعتیبار لە ڕێکخستنەکان و هەوادارێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم، دەبوایە پابەندبم بە بڵاوکراوەی کۆمەڵە، ڕۆژێکیان بەیاننامەیەکی پارتیان دایە دەست من، بەیاننامەکەم بڵاوکردەوە، چووم لە تەواڵێتی پیشەسازیدا، ئەو کاك شەمسەددینەی باسمکرد، بەدوای من دا هات و منی دیتبوو، وتی:" چۆن بە یاننامەی ئەوان بڵاودەکەیەوە" منیش وتم:" ئەوانیش کوردن، گرنگ ئەوەیە شتێك دروستبکەین دژی حکومەت" بەسەراحەت بیرکردنەوەی من وابوو ئەو دەم وای تێ نەگەیشتبووم، پابەند نەبووم بەڕێکخستن زۆر، دەمووت:" شیوعی، پارتی و کۆمەڵە بن دەبێ لێدانێك لە حکومەت بدەم بەهەر شێوەیەك بێت، لە تۆڵەکردنەوەی ئەوەی باوکم لە ئەبوغرێبە، دەمویست شتێك بکەم بۆ هەموو کەس بێت، تەنیا لەدژی حکومەت بێت" بەڕاستی ئەو ئیلتیزامە وای لێکردبووم لە مێشك ئاودانی سیاسی ئەو دەم چەمکی خۆشەویستی عەشق بەڕاستی شتێکی زۆر هاکەزایی بوو، بۆیە پێشت دەڵێم: "خیانەت لەو شتانەی لە شۆڕش پیادە دەکرا، ئەوە بوو ئینسان خۆی بەو شتە ڕۆمانسیانە خەریك نەکاتن، واقیعی بێت.

### تا ساڵی چەند ئیلتیزامت بە حزبە سیاسیەکانەوە هەبووە؟

**سەرکەوت رەسوڵ**: ئیلتزامی سیاسیم هەبووە، بەڵام بەو شێوەیە نا، چونکە کەسێکم بە بڕوای خۆم، تا ئێستا دەستەمۆ نەکراوم لە لایەن هیچ حزبێکی سیاسیەوە، ئەوەش یەکێکە لە شانازیەکانی خۆم، ڕاستە هەوادارو پابەند بوومە بە کۆمەڵێك بیروباوەڕی دیاریکراو، لە پێناو هەڵوێستی جوان و کۆمەڵە کەسانی سیاسی، قەت خۆم تەسلیم نەکردووە، ئەسپێك بوومە، لغاوی هیچ سیاسەتێك لغاوی نەکردوومە.

## قاچاخچیەکان لە هەموو دونیا بێ خوان، هیچ بەهایەکی ئەخلاقییان نیە، چونکە پابەندن بەکۆمەڵێك سیفاتی مافیایانە، کە ناتوانن سەیتەرە لەسەر خۆیان بکەن

### قۆناغەکانی خوێندنت چۆن بڕی؟

**سەرکەوت رەسوڵ**: قۆناغی سەرەتایی بە حەوت ساڵ، هەریەکە لە ناوەندی و لە ئامادەیی پشەسازی بە چوار ساڵ تەواوم کردووە، تاقی کردنەوەی دەرەکیم کرد لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان وەرگیرام، دوو ساڵ لەوێ و پاش مامۆستایەتی گەڕامەوە کۆلێژی پەروەردە لە ساڵی ١٩٩٥ ـ ١٩٩٧ پۆلی دووی کۆلێژی پەروەردە بووم لە تاقکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیش دەرچووم، کوردستانم بەجێ هێشت.

### چ هۆکارێك وای لێکردی بڕۆی بۆ هەندەران؟

**سەرکەوت رەسوڵ**: لە ساڵی ١٩٩٧ هۆکاری دەرچوونم لە کوردستان بە سەراحەت ئەوەی زۆر گرنگە لای من پەنجەی لەسەر دابنێم و ئاماژەی پێ بکەم، کۆمەڵێك مەفاهیم و چەمك هەیە، لەگەڵ هەبوونی شۆڕش و شاخ و ڕێکخستنی نهێنی ئەو سەردەمە، کە کوردستان تێیدا دەژیا لە هەشتاکان، ئەو مەفاهیمانەت دەبینی لە دوای ڕاپەڕین کرچوکاڵ دەبێتەوە، مانای خۆی نامێنێت، ئەوەی وەکو باسمکرد بۆت خۆشەویستی ئەو چەمکە بوو حیسابی بۆ نەدەکرا لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە، ئەو قودسیەتەی نەبوو، بەڵام پاش ڕاپەڕین شتێکی زۆر جوان بوو هانی خەڵکیان دەدا کە خۆشەویستی بکەن، کۆمەڵێك شت بە خۆت و بەدەست خۆت نیە، ناتوانی دەستبەرداریبی لەسەردەمی شاخ کەسێك هەبووە، خۆشەویستی کردووە، هەزار نامەی پێشمەرگەمان خوێندۆتەوە، کە بۆ دڵدارەکەی نووسیووەو وەسیەتی لەلا دەکات کەمن ڕۆیشتم و تۆ لە پاش من یادم بکە، وەکو شتێکی جوان بۆ وڵاتەکەم خۆم بەکوشتدا، پاش ڕاپەڕین کۆمەڵێك شت کۆمەڵێك مەفاهیمی سڕیەوە، بۆ نموونە: شەڕی ناوخۆ بە هەموو هەوڵی خۆمان لە ڕۆشنبیران و شاعیران و ڕۆژنامەنووسان هەوڵماندا شەڕ ڕابگرین نەمانتوانی، جارێکیتر بۆ نموونە: کۆمەڵێك برادەر بووین بەرهەمەکانی خۆمان سووتاند دژ بەشەڕ، لە خۆپیشاندانەکەدا کە دکتۆر فەرهاد پیربال سەرکردایەتی دەکرد، کە ڕێ لە شەڕ بگرین

نەمانتوانی ڕێ لە شەڕ بگرین، گوللەیەك هەموو ژیانی مەعریفیو ڕۆشنیری تۆی دەسڕیەوە، ئەو جەنەڕاڵانەی شەڕ باکیان نەبوو شاعیرێك دەڕوا، یاخود لای ئەوان چەكدارێك بەڕاستی زۆر زۆر گەوورەتر بوو، لە فەیلەسووفێك، کە بەهای ئینسان هاتە خوارێ بەهای ئەدەب بێ مانایە، ئەو شەڕە کۆمەڵێك شتو ئینسانو چەمکی هێنایە ناو کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگای ئێمە پێی نامۆ بوو. کە پاساودانە بۆ یەك کوشتنو حەزم نەدەکردو بۆیە ناچار بوومو بەناچاری سەری خۆم هەڵبگرم بۆ وڵاتێکیتر، بە دوای کۆمەڵێك خەونی خۆمدا بگەڕێم، ناچاریش بووم وەکو پێم گوتی: ئەگەر ناچاریش نەبوومایە، قەت کوردستانم بەجێ نەدەهێشت.

**چۆن بڕیاری چوونە دەرەوتدا، کە ئەوکاتی بارودۆخ ناخۆش بوو لەهەموو ڕویێکەوە، ڕێگریەك هەبوو لە ماڵەوە؟**

**سەرکەوت رەسول**: من لە مانگی حەوتی ١٩٩٧ بڕیارمدا بچم بۆ ئەوروپا، لەبەرئەوەی ئەو هارو هاجیەی منداڵیم لەگەڵ بوو، دایکم هەروەکو ئەو منداڵەی پێشوو، تەعامولی لەگەڵ من دەکرد، دەیزانی تووشی سەرکێشی دەبەم، قسەم دەکرد، لێدوانم دەدا، کۆمەڵێك شت کە قەدەغە بوو، من دەستم بۆیان دەبرد، ئیدی بڕیاری ڕۆیشتنمدا، کە ناتوانم گۆڕانکاری بکەم ڕۆیشتنەکەم پێ باشتر بوو، ئەوانیش هیچ کۆسپ نەبوون ، بەسەراحەت هاتم مانگو نیوێك لە ناوچەی رانیە مامەوە، دواى ئێرانو تورکیاو ئینجا یۆنان تا گەیشتمە هۆڵەندا، بەڕەزالەتو ناخۆشیەکی زۆرو بەنەبوونیو برسیەتی کاتەکانی سەفەرم بەسەربرد.

**ئەو سەفەرەی تۆ رەنگی داوتەوە لە شیعرەکانت، بەتایبەتی چوون لە وڵاتێکی پڕ لەشەڕو خیانەت، بۆ وڵاتێکی ئاشتی سەقامگیر؟**

**سەرکەوت رەسول**: کە لە هۆڵەندا بووم، خەریکی نووسینەوەی ئەو یاداشتە سەفەرانە بووم، وەکو ناوم لێنابوو **(یاداشتە سەفەر)** ئەوەم دەگێڕایەوە کە لەو ڕێگایەدا بینیبووم، کارەساتی زۆر گەورەم بینی، دەستبەرداری بوونی ژنو مێرد، جیابوونەیان ئەویان بەبەلەمێكو ئەویدیان دەمایەوە، گەمەی قاچاخچیەکان، ئەو بێ ئەخلاقیەی ئەوان بەرامبەر خەڵکی ئێمە کردوویانە بەتایبەتی لە ئەستەمبوڵ، چونکە ئەستەمبۆڵ ئۆتۆماتیکیەن سیفاتی ئینسان هەڵدەوەرێنێت، پێت ناهێڵێ، وەکو ئەوەی بەها ماددیەکان بەرزدەبنەوە، بەها رۆحیو مەعنەویەکان دەکەوێتە ژێر پێیان، بەتایبەتی قاچاخچیەکان خوایان نیە، قاچاخچیەکان لە هەموو دونیا بێ خوان، هیچ بەهایەکی ئەخلاقییان نیە، ئەمەش ژیان وا لەهەندێکیان دەکات ئەو کارە بکەنو یارمەتی خەڵکیش دەدەن، بەلاّم زۆربەی هەرە زۆریان ئەخلاق هەڵیان ناسوڕێنێت، کۆنترۆڵی ئەخلاقیان نەماوە، چونکە پابەند بەکۆمەڵێك سیفاتی مافیانە، کە ناتوانن سەیتەرە لەسەر خۆیان بکەن، لەبەرئەوەی دەوروبەرەکەی دەیخۆن، ژیانی ناو بەحرە، خەڵکی گەورە خەڵکە بچووکەکە دەخۆن وەکو ماسیە گەورەکانن، ژیانی قاچاخچیەتیو مافیایی وایەو بەڕای من کورد لێی دابڕنییە، ئەو ڕێیە بە بڕوای من قازانجێکی زۆری پێگەیاندم هەردەم باوەڕم بەوە هەیە، کە سەفەر دەوڵەمەندت دەکات دونیابینیت فراواندەکات، ئەو شتانەی لەماڵەوە



خوێندنەوەی ڕۆمانێك لە پشت خۆی هەڵدەگری، بینینی کەرەستەکانی ئەو ڕۆمانە شتێکیتر لەلا پەیدا دەکات، بۆ نمونە: ڕۆمانی (زۆربا)م خوێندۆتەوە، شتێکی زۆر خۆش بوو، مەعریفەت لەلا زیاد دەکات، کە چوومە کریت (یۆنان)، ئەو جێگایەی کە کازانتزاکسی باسی دەکات هەستەکان شتێکیتر بوون، بە نیسبەت منەوە بینینی یۆنان گۆڕانکاریەکی زۆر گەورە بوو، بەلاّم ئەمە لەو بازنەی پەیوەندی مەعریفیو بە خوێندنەوە هەیە، لەوێ شتەکان هەستم دەکرد ئەو شتانە دەبینمو دەوڵەمەندم دەکات، ڕەنگە دەوڵەمەندم بکات لەوەی دەخوێنمەوە، لێرە سەفەر سەفەری عەینی ئەو سەفەرانەی بە چاو بەراورد دەکرێت بە زهنی خوێندنەوەی ناو ڕۆمانێك، سەفەرێکی زهنیە، لە بۆ کۆمەڵێ شوێن کە دێتە خەیاڵو لای تۆ دروستدەبێت، بەلاّم سەفەری چاو دەتباتە سەر شتەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکەی، بە چاو دەبینی کە سوقرات لەسەر ئەو بەردە دانیشتووە، فەلسەفەی تێدا گوتووتەوە، بە کورتیەکەی دەمەوێ بڵێم: ئەو هەموو تراژیدیایەی کە دیتوومە لەو سەفەرە بەڕاستی لەوەش شیعر فریام نەوکەتیە، باسی بەشێکیانم کردووە، تا ئێستا شیعرەکانم بلاّونەبۆتەوە، بۆنموونە: لە قەسیدەکانی (لاهای لە من نابێتەوە هەولێر) و (ئەوروپا عەدەمێکە لەوێ تەنگتر) ئەو قەسیدانە لە سەدا سەد ئەو سەفەرە ڕەنگی داوەتەوە.